**بابان**
**لە سلێمانییەوە دەینێرێ**







## نوکتەی سەفەری

* کابرایەک بە سەیارە ملی لە کوڕێک نابوو قاچی شکاندبوو، باوکی کوڕەکە داوای (٢) دەفتەری دەکرد، کابرای شۆفێریش وتی: ئەری کاکەگیان تۆزێ زەمیرت هەبێ خۆ من ملیۆنێر نیم، باوکی کوڕەکەش وتی: خۆ کوڕەکەی منیش هەزار پێی نیە!

## مەلەوانی و رۆژنامەوانی

ئاسۆ: سعودیەکانیش دەڵێن: گەل چاکسازی دەوێت.
گەپ: ئەوان شمشێریان پییە خەتەرن بۆ موزاهەرە.
کوردستانی نوێ: ئەرێ شەرم ناکەن.
گەپ: زەوقمان نییە و پێمان ناکرێ.
هەولێر: ئەرکی هەواڵگری لە کۆن و نوێدا.
گەپ: هەر گرتنەکە نییە.
باس: وەڵا راست ئەکات.. زۆر عەیبە!
گەپ: دەبا نۆرەی ئەوانیش بێت.
رێگای ئازادی: بۆ سووریا راناپەڕێ.
گەپ: سوورکردنەوەی زۆری ئەوێ، ماویەتی.
بەدرخان : جاشبون لای ئێمەو لای ئەوان.
گەپ: جاش هەر جاشەو کوڕی کەرە.
لڤین: گۆڕان کارتە بەلاشەکەی سوتاند.
گەپ: ئەو کارتەی دەمێکە بەتاڵە!
سڤیل: پشکۆکان دەگەشێنەوە.
گەپ: حەیاتە بۆ تکە.
هاوڵاتی: پەرداخەکانتان پڕکەن.
گەپ: هەتا لێی بڕژێ و تۆش بیکەی بە هەڵڵا!
کۆمەڵ: ئیخوان موسلمین هێزی داهاتووی میسر.
گەپ: یەعنی ئەو براموسڵمانانەی قەت باسی کورد ناکەن.
میدیا: من چارەسەری کارەبام لایە.
گەپ: ئەم حکومەتە زلە لای نییە تۆ لە کوێت بوو؟
هەواڵ: من هەر لێرەم لەو مەنفایەم.
گەپ: خۆت حەزت لێی نییە، بۆ نایەیتەوە؟
رومال: موسا بە ئەقڵی عروبەوە.
گەپ: خەمت نەبێت ئێستا شەڕی کورسی ئەکات و عروبەیی بیر نەماوە!
باسک: پەیوەندی کات و کێشانی جگەرەیەک.
گەپ: کەمی و زۆری مژلێدانەکە ئەیزانێ.
رووداو: ٣٧٠ فەرمانبەری بێ کار مووچە لە وەزارەتی مافی مرۆڤ وەردەگرن.
گەپ: ئەی بۆ نەقڵی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیان ناکەن لەوێ ئیش زۆرە.
یەکگرتوو: لە دوای موبارەک کێ؟
گەپ: ئەرێ جوزانم!
چاودێر: خۆشەویستی لە زانکۆو پەیمانگەکان زوو کۆتایی دێت.
گەپ: ئاخر لەبەر زۆری عوتڵەکان مەجالیان نییە.







## هەواڵی ماتۆڕی

سایەقی ماتۆڕەکەمان لەشاری سلێمانی لای عیادەکانی جادەی ئۆرزدییەوە تەلەفۆنی بۆکردین و وتی: هەر ئێستا خزمێکمان بۆ مەبەستی چارەسەرکردن چوە بۆلای دکتۆر فلانکەسی بەناوبانگ و پسپۆڕ لە بواری نەخۆشییەکانی قورگ و گوێ و لوت، نەخۆشەکە لەتاو ئازاری قورگ و هەڵاوسانی دەم و فلقی ویستویەتی ئۆرەبری بکا کەچی جەنابی دکتۆر تا هێزی تێدابووە یەک زللەی گەرمی لە بناگوێی نەخۆشەکە سرەواندوە! ئێمەش بە سایقی ماتۆڕەکەمان وت: بەناوی خۆمان و گۆڤارەکەمانەوە بەو عال دکتۆرە دەڵێین: واناڵی جەنابی دکتۆر واناڵی، تۆ ئەو هەموو ئامێرە پێشکەوتوەت لەبەر دەستدایە، ئیتر خێرە بە زللە نەخۆشەکان بەنج دەکەی؟!!



## عەینەن یەك



### میصرو توونس

١ - لەوێ کش مەلیک بوو.
٢ - ٣٠ ساڵیان تێپەراند بە نێرەکەری.
٣ یەکی دوو طەن زێرو مارەییان لەگەڵ خۆیان حەمنووش کرد.
٤ - بەشەقی میللەت خزانە (خارج نیطاق الخدمة).
٥ - نە عابید بوون و نە موبارەک.
٦- بە سیکۆتینی مشک لکابوون بە کورسییەکانەوە.
٧ - ڕێژەی بێکاری وەک توکی بن باڵ ترشابوو.

### یەمەن و جەزائیر

١ - لێرەش کشەکشە پڕپینە ڕەشە.
٢ - عەینەن ڕەقەم بەڵام بە طۆبزی.
٣ - نەچووەو بچێ ئەمانیش مارەییەکەیان کەمتر نییە.
٤ - خوابکەم بەشەقیش وازییان لێ بێنن.
٥ - نە عەبدی خوایە و نە تەماتە فلیقە.
٦- چەسپی ئەمریکیشیان پێوە بێت هەڵیان ئەکەنن.
٧- ڕێژەی تیرۆریست لە بێ ئیشی زۆرترن.

NAMO

## ڕۆستەم زادە (نامـــــۆ)

تایبەت بە گەپ دەینێرێ





## نوکتەی سەفەری

* ئاغایەکی شێوە ناشرین لە ژورەوە دانیشتبو، سەیری ئاوێنەکەی دەکرد، دەیووت: دەبێت کەس هەبێت لە من جوانتربێ؟ خزمەتکارەکەشی گوێی لێبوو، چوە پێش دەرگا، یەکێ بەوێدا تێپەری، بە خزمەتکارەکەی ووت: ئاغامان چیدەکا، خزمەتکارەکەش ووتی: وا لە ژووریَ دانیشتووە درۆیان دەکاتن.

## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات



### ((ڤالانتاین))

عەبە سێ سەر

### تەحلیلی سیاسی:

ڕۆژی جیهانی خۆشەویستی لە ڤالانتاینی ڕەحمەتییەوە بۆمان بەجێماوەو لەڕوی سیاسییەوە زۆر حەزمان بەچارەی نییە، چونکە بە حەقیقەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ جەوهەری مەسەلەکە، خۆی لە ئەسڵا لەدژی سیاسییە شەڕەنگێزەکان هاتۆتە کایەوە، بۆیە هەریەک لەو سێوە مێخەکرێژکراوانە بە ڕوممانەی چل پارچە دێتە پێش چاومان!!

### تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

ڤالانتاین ڕۆژی عاشقەو ماشقەکانەو لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە هێشتا بۆمان ڕون نەبۆتەوە ئایا جەژنە یاخود عارەفەیە؟ ئەوەندە ئەزانین تام و لەزەتەکەی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرو مێیەو کەچی سێوی داماو باجەکەی دەدا، چونکە بەبێ ئەوەی ئاگای لە هیچ شتێک بێ دووهەزار مێخەک ئەچەقێنن بەگیانیداو تلّپی تەڕی تێدا ناهێڵن!!

## (هەر لۆ فشەی)



### شێخە فشە

پاش ئەوەی لە کەبابخانە هاتینە دەرێ- بەکر بێجامە گۆتی: با بچینە ئەو چایخانەیە چایەکەی زۆر بەتامە، هەر لۆ فشەی پیاوی سەرخۆش دەکا.. دانیشتین بەکر بێجامە گۆتی: کاکە دوو چامان لۆ بینە- لۆمن پڕ شەکر بی وەک دۆشاو لە شیرینان نەخورێتەوە، ئی شێخە فشەش تاڵ و زەردو بێ رەنگ بی!. زۆری نەمابوو لە حەژمەتان – هەتا زللە دەگرێ لەبن گێی بدەم هەر لۆ فشەی لە کۆر ئەو دنیایەی کەمەوە.. گوتم: ئەرێ کاکە ئەوە تێکچووی؟ ئەتوو سبەینێ عەیبت نەبوو، کوڕا تێکچووی؟ گۆتی کاکی خۆم ئەتۆ لۆ هیچ وەختەک هەر لۆ فشەی لەمن ناگەی – گوتم: لۆ تێناگەم خۆ کەر نیمە ئەوا بەگێی خۆم گێم لێیە، قاتی لە کوردی نەگەم.. خۆ بە عارەبی قسان ناکەی.. هەر لۆ فشەی پێکەنی گوتی: کاکی من ئەوجا زانیم تێ نەگەیشتی.. گۆتم کوڕە بە خۆت شەکرەت ٣٥٠ یە دەعوای چای شیرین دەکەی، ئەمنیش هیوایەتم چای شیرینە- دەرێ زەردو تارو بێ رەنگ ئەوە چەندی بەچەند گۆتی: کاکی من تێمبگە یەک جار لۆ فشەی تێمبگەی..

ئەو چایچییە هەندە نەگبەتە.. کەنگی پێی برێی وا مەکە وا دەکا برێی ئاوم بدێ، چات دەداتێ برێ شیرین بێ، تاری دەکا، برێی بێ رەنگ، یەک ڕەنگ تێ دەکا هەر لۆ فشەی چی پێ برێی وەکی منداری ئەو زەمانەی بە پێچەوانەوە دەیکا- ئێستا تێ گەیشتی هەر لۆ فشەی چ دەرێم کەمەک پێکەنیم ئەوجا گۆتم: تێ گەیشتم لۆ فشەی نا، ئەوجارە بەڕاستی تێ گەیشتم!!






### تەحلیلی ئابووری:

لەڕاستیدا ئەم جەژنە ئەم عیدە ئەم فێستە ئەم یادە ئەم زیکرە ئەم موناسەبەتە کە پێیدەڵێن: ڤالانتاین، لەڕوی ئابوورییەوە زانیارییەکی ئەوتۆمان لانییەو نەمانبیستوە کاتی خۆی کولفەو مولفەی بۆ سەرف کرابێ، وەلێ لای خۆمان چونکە تازەیە پێمانخۆشە بیکەین بە فیستیڤاڵ و لەجیاتی مێخەک دۆلار بئاخنین بەکونی سێوەکاندا!!

## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١- لەڕۆژێکی وەک زەمانی مەلیک فەیسەڵی بچوکداو لە بیست و دووی بینا قڕانی ساڵی هەزارو نۆسەدو ناوەڕاستی بیستەکاندا، لە شاری چەمچەماڵ بینایەک دروستکرا، ئێستا حاڵی حازر دائیرەی تاپۆیەو لە کەلاوەی موحتەرەم دەچێ، لەهەموی خۆشتر کچۆڵەیەکی تەمەن حەوت ساڵانیان کردوە بە تەتەر لەم ژور بۆ ئەو ژورو لەم دەرگا بۆ ئەو دەرگا موعامەلاتی خەڵک دێنێ و دەبا!

٢- لە کزەبایەکی وەک سێ هەفتە لەمەو پێشداو لە بەرواری دووی قاڵبە سەهۆڵبەندانی ساڵی دووهەزارو یانزەی زۆپا حەشاردانی بێویژدانییدا، لە قوتابخانەی وانێکی بنەڕەتی لە بنەسلاوە، مامۆستا چاوگەشەکان زۆپای پۆلەکانیان لە قوتابیەکان زەوت کرد بۆخۆیان و پاشان ژورەکانی خۆیان بە قوتابیەکانی پۆلی یەک و دووی بنەڕتی خاوێن کردەوە، وەک ئەوەی فەڕاشەکان گوڵی مەجلیس بن!

٣- لە عەیبێکی وەک شورەییداو لە ڕێکەوتی ئەمەندەی ئەوەندەی ساڵی دووهەزارو ئەوەندەی بێ بەرنامەییدا، لەشاری هەڵەبجەی شەهید نەخۆشخانەیکی لەدایکبوون بەناوی عومەری خاوەرەوە دروستکرا، بەڵام لەکاتی باراندا وەک خانوی گڵ دڵۆپە دەکا، لەوەش موهیمتر هەر نەخۆشێک بۆ منداڵبوون دەبرێتە ئەوێ، لەبەر نەبونی دکتۆر ئیحالەی سلێمانی دەکرێ، خۆش ولادە!!



## تیاترۆ

**عوسە سویچ**

ژن/ پیاوەکە بەیانی زوو هەڵتدەستێنم.
پیاو/ سەعات چەند؟
ژن/ وەڵڵا سەعات شەش.
پیاو/ بۆ صمون فرۆشم؟
ژن/ ئەیەڕۆ لە دەستمان دەچێ!
پیاو/ چی، نوێژی بەیانی؟
ژن/ نانا جگە لە نوێژ.
پیاو/ ئەی نۆکاو فرۆشەکە؟
ژن/ نۆکاوی چی هەرخەمی ورگتە.
پیاو/ ئەی چی؟ شێتم ئەکەی؟
ژن/ بۆ شێتت دەکەم ئەم شتە ناوی چیە؟
پیاو/ کام شت بیلێ دڵم تەقی؟
ژن/ کورە ئەو شتە پیسەکە ناوی چیە؟
پیاو/ کام شتی پیس، هەی شتی پیس؟
ژن/ ئەوە پیاوەکە بۆ واخۆت تورە ئەکەیت؟
پیاو/ کورە ئافرەت تۆ تێک چوی شتی چی دە بیلێ؟
ژن/ ئا... هاتەوە بیرم سەیارەی زبڵەکە..!
پیاو/ دەوەرە شێت مەبە. بۆ ئەوەنە موهیمە؟
ژن/ ئەی چۆن موهیم نیە پیاوەکە، تفەنگت پێ نەبێ حسابت بۆ ناکات!
پیاو/ خەمت نەبێ قاپێ نۆ کاوم بۆ تێکە، سبەی ئەیدەمە بەر طاپڕ!....

